# بەرنامەی ( بڵێی ) ی زاگرۆس tv یا بەرنامەی ڕیسوا کردنی ئینسانەکان ؟!

بەختیار سەعید

بە هۆی نەبوونی کارەبای نیشتیمانی ومۆلیدەی گەرەك چاوەکانم چووە خەوێکی کەرۆێشکانەوەو بە هەموو دەنگێك بەخەبەر دەهاتم !! ئەوە بوو یەکێك لەمنداڵەکانم هاواری کرد ،کارەبای مۆلیدە هاتەوە ، هەموو دامان لەچەپڵەلێدان ! باش بوو وەبیرم هاتەوە لەم ڕۆژانەدا بە سوتفە چوومە بەڕێوەبەرایەتی کارەبا زۆر تاریك بوو ئەوانیش خەریکی دابەش کردنی موچەبوون ، لەناکاو دەست کرا بە چەپڵەلێدان منیش گووتم : ئەوەچی بووە؟! ئەوانیش ووتیان کارەبا هاتەوە !! لەبیرمە جاران چەپڵەلێدان تەنها لە قوتابخانە بۆ قوتابی زیرەك لێ دەدرا ،بەلاَم ئێستا بۆ ئاو کارەبا وسوتەمەنی ووتەی سەرکردەکانیش جار جارە لێدەدرێ !! ئەوەبوو بە کۆنترۆڵەکە کەناڵەکەم گۆڕیی و عەیب نەبێ خستمە سەر بەرنامەی بڵێی وبەجدی تەماشام کرد ،خوێندنەوەیەکم بۆ بەرنامەکە لادروست بوو !! کە باسی لە کێشەی باوك وکوڕێك دەکرد کەسەرتاپای باسەکان وکەسایەتی باوك وکوڕەکە دروست کراو بوو! لە هەمووی سەیرتر باوکەکە ناوی کاك عەزیزەو شۆفێری خودی زاگرۆس تیفیەو کوڕەکەش خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەلاَتە لە یەکەمین وێنەدا سەرەداوی ڕیسوا کردنەکە دەستی پێکرد !! نازانم کاك عەزیز چۆن بووە میوانی تەلەفیزۆنەکەی خۆیان ئەوەندەی ئێمە شارەزابین عەزیز کە خەڵکی شارەکەی کۆیەیە وکۆڕی وای لەم چەشنە نیە کوڕێکی زۆر بە ئەدەب وبەڕێزو گوێڕایەڵی هەیە کەناوی ئەندامە و کارمەندە لە گەڵ باوکی لە زاگرۆس مادام سیناریو یە با ئەندام بەشداری بکردایە !! ئەگەر دەڵێن ئەندام لەگەڵ باوکی بە حەقیقەت قسەیان بەیەکەوەنیە ! ئەی باشە ئێوەنەتوانن لە کەناڵەکەی خۆتان باوك وکوڕێك ئاشت بکەنەوە ئەی چۆن دەتوانن قسە لەسەر کێشەی کۆمەڵگا بکەن؟! بەهەر حاڵ مادام بەشێك کەمی خەڵکی ئەمەی من دەزانێت !! بۆ بەرنامەکە ناکەنە تەمسیل ویەك دوو ئەکتەر تیایە بەشداربن ! چونکە وەك ئاگادارم بەشداربوونی ڕۆژنامەنووس فاتیح مەولەوی زادە بەتەلەفون پێڕاگەیاندم کە فێڵی لێکراوە بەوەی میوانەکان واتە باوك وکۆڕەکە کەبەشدارن بە هەقیقی باوك وکوڕنین !! لەم سۆنگەیەوە فاتیح زۆر پەشیمانی خۆی دەربڕیوە لە وەی بەشداری لە بەرنامەیەکی لەو چەشنە کردووە ، کە ئامانج سوکایەتی کردن بووە بە خەڵکی !! وەهەروەها گووتیشی : ئەگەر دەمزانی هەرگیز نەدەبوومە ئەکتەرێکی بەرنامەیەکی لەم جۆرە!!

ئالێرەدا ئەم بەرنامەیە جێگای هەڵوێستەکردنێکی جدیە بەوەی لەلایەك دوو کەس لەبەرچاوی دنیاوە ریسوا دەکرێت لەکاتێکدا هیچی یەکتری نین! لەلایەکی تریشەوە گەنجێکی ڕۆژنامەنووس بەشداری پێدەکرێت بێئەوەی ڕاستی پێبوترێت! لەهەمووی ناخۆشتر ئەوەی ئەم زانیاریانە نەبووبێت ئەوا بەهەڵەو ونەزانینین کۆڵێ خەم وخەفەتیان لێ بارکردووە ! نەگبەتی ئەم میللەتە لەوەدایە زۆرێك لە نەزان وبێتواناو نەشارەزا هەرچۆن پۆستی سیاسی وئیداریان بەسوتفە پێدراوە ئەم ڕاگەیاندنە هەژارودەست کورتەی لەمەڕ خۆشمان دەیان مەخلوق وعەباقیرەی نەشارەزایی تووش هاتووە !! هەر بۆ ڕاستی باسەکەمان ئەوەش ڕەوشی بیرۆکەی بەرنامەکانی تەلەفیزۆنەکانە !! باوەڕم وایە خۆشیان نازانن ئامانجیان چیە لەم بەرنامەیەی وبەرنامەکانیی دیکەش ؟! توخوا کێشەی باوك وکوڕێك ئا بەو چەشنە ڕیسوا کردنە چارەسەر دەکرێت ؟! لەجیاتی ئەم گاڵتە جاریە بۆچی چەند توێژەرێکی کۆمەلاَیەتیتان بەشداری پێنەکردبوو ؟! تا بەشێوەیەکی زانستی وئەکادیمی هەم شرۆفەیان بۆ ئەو کێشەیە بکردایەو هە م هۆکارو چارەسەرەکانیشیان پێش کەش بکردایە!! خەریکە شەق بەرم و لەداخانا سەری خۆم هەڵبگرم وڕوو لە مۆسکۆ بکەم ولەیەك هەفتەدا یەك دوو بڕوانامە بەدیاری بۆ خەڵکی کوردستان بهێنمەوە !! بەڵکو بەنامەیەك هەڵتۆقێنم بەناوی شەلم کوێرم ناپارێزم و بۆ ڕیسوا کردنی ئینسانەکان !!یا بەرنامەیەك بە بلۆك دروست دەکەم دژی ئەو کەسانەی کە دەڵێن سوتەمەنیمان دەوێت ، ئێمەش دژیان ڕیپێوان دەکەین !!